**ڕاپۆرتی ئاماری هەنگاو لەسەر پێشێلکاری بە نیسبەت ڕۆژنامەنووسانی کورد**

## دەستبەسەر کرانی ٩ ڕۆژنامەنووس و سەپاندنی حوکم بە سەر پێنج کەسی دیکە لەماوەی ساڵێکدا +لیستی ناوەکان

رۆژی دووی مانگی بانەمەڕ بەرانبەرە بە ساڵوەگەڕی دەرکردنی یەکەم رۆژنامەی کوردی .١٢٢ ساڵ لەمەوە پێش،واتا لە ساڵی ١٨٩٨ نەمر میقداد مێدحەت بەدرخان، یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە ژێر ناوی " کوردستان "لە شاری قاهیرەی وڵاتی میسر بڵاو کردەوە .

ئەم رۆژە لە نێو رۆژنامەوانانی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان بە رۆژی" رۆژنامەوانی کوردی " ناودێر کراوە.

پیشەی رۆژنامەوانی لە ئێران لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندیدایە و رێو شوێن و سنوورە یاساییەکان لەمپەرن لە مەڕ چالاکی ئازادانەی رۆژنامەوانی .مێژووی نزیك بە ١٨٥ ساڵ رۆژنامەوانی لە ئێران نیشان دەدات کە رۆژنمەوانی ئێرانی بەردەوام لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی ناوەندا بووە .بە چەشنێك رۆژنامەوانی ئێرانی ئامراز و باسکی دسەڵاتی ناوەندی بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی گوتار و سیاسەتی دەسەڵاتی زاڵ بووە.

رۆژنامەوانی دەروەست لە ئێران و کوردستان پیشەیەکی دژوار و پرمەترسی و تێچوویەکی زۆری بۆ رۆژنامەوانانی بوێر و ئازاد بەدواوە بووەو هەیە ,تا شوێنێك کە هەموو ساڵێ ئێران لە لایەن رێکخراو و ناوەندە نێو نەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مرۆڤەوە لە ریزی یەکەمین وڵاتانی پێشێلکاری مافی رۆژنامەوانان دەناسێنرێت و ئێران بە زیندانی رۆژنامەوانان ناو دەبەن.

رێکخراوی مافی مرۆڤیی" هەنگاو "بە بۆنەی ساڵوەگەڕی رۆژی" رۆژنامەوانی کوردی "یەوە راپۆرتێکی ساڵانەی پێشێلکاری مافی رۆژنامەوانانی کوردی لە ئێران ئامادە و بڵاو دەکاتەوە. بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ٢٧١٩ هەتا مانگی بانەمەڕی ٢٧٢٠، لانیکەم ٩ ڕۆژنامەنووس و چالاکی میدیایی لە کوردستان لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون .هەروەها دەیان کەسیش بۆ ناوەندە ئەمنییەکان بانگ کراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە.

هەروەها، پێنج ڕۆژنامەنووسی کورد لەلایەن دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئێرانەوە سەرجەم حوکمی ١٢ ساڵ و ٤ مانگ و ١٥ ڕۆژ بەندکرانیان بەسەردا سەپاوە .یەکێکیان سەرەڕای ئەوەی کە حوکمی بەندکرانی بەسەردا سەپاوە، حوکمی لێدانی ٢٠ قامچیشی بۆ پراوەتەوە.

**ڕاپۆرتی ئاماری هەنگاو لەسەر پێشێلکاری بە نیسبەت ڕۆژنامەنووسانی کورد**

## لیستی ناوەکان

| ریز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | حوکم | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کاوە مێهدیپوور | دەڕەشار | | ١١.٣.٢٧١٩ |
| ٢ | ئەمین ماسووری | خورەمئاوا | | ١.٨.٢٧١٩ |
| ٣ | سوهراب موورادی | شاباد | | ٢٤.٩.٢٧١٩ |
| ٤ | هومایون عەباسی | شاباد | | سەرماوەز |
| ٥ | مزەفەر وەلەدبەیگی | پاوە | | ١٤.١٠.٢٧١٩ |
| ٦ | ئارام فەتحی | مەریوان | | ١٤.١٠.٢٧١٩ |
| ٧ | وەحید فەتاحی | پاوە | | ڕێبەندان |
| ٨ | سەعید ئەحمەدی | پاوە | | ١٦.١.٢٧٢٠ |
| ٩ | موژگان کاووسی | کەلاردەشت | | ٢٧.٨.٢٧١٩ |
| ١٠ | موختار زارعی | سنە | ٣ساڵ | |
| ١١ | هەرمان وتمانی | مەهاباد | ٦ مانگ | |
| ١٢ | ئارمان غەفووری | مەریوان | ٦مانگ و ٣٠ قامچی | |
| ١٣ | ئەمین ماسووری | خورەمئاوا | ٢ساڵ | |
| ١٤ | موژگان کاووسی | کەلاردەشت | ٦ساڵ و ٤ مانگ و ١٥ ڕۆژ | |
| ١٥ | | | | |